به بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن

# بڵەی ئاسمان لەو دیو شوشەی فرمێسکەوە له کاتی دەسپێکی ساڵی تازە چۆن ببیندرێ؟

"پێم دەلێن هەڵفرە
هەمیشە دەمگوت هەڵفرین ڕازاوەترین ووشەیە کە تەنها قەڵەمەکان دەوێرن بی نوسنەوە چۆن ئەمن دەتوانم هەڵبفرم لە کاتێکدا کەتەواوی باڵندەکان باڵیان چندراوە،"
بەڵام ئێستا دەڵێم، هەموو کاتێک دەتوانین هەڵفڕین ، بەبێ باڵیش، بەباڵی ئەندیشە و باوەر دەتوانین ڕێگای لوتکە ببڕین، باڵ بکێشینە سەر ئاسوو، تیشک بخەینە سەر ڕۆباری ژیان، ئێستا دەڵێم هەڵفڕین تەنها ووشە نیە بنوسرێتەوە، هەڵفڕین پەیامی دیاری کردنی چۆنیەتی وەرزەکانە، دەرفەتە بۆ نوسینی ووشەکانی بەختەوەری و ژیانەوە.... و چرۆ کردن...

سەد و یەک ساڵ بە سەر دیاری کردنی ڕۆژی هەشتی مارس بە ناوی ڕۆژی جیهانی ژنان تێپەڕ بووە، سەد و یەک ساڵی پڕلە بەرزی و نزمی، سەد و یەک ساڵی پڕ لە داچڵەکان و سەر سوڕمان و پڕ لەدەسکەوت، دیارە کە بارودوخی ژنان لە گوشە و کەناری دونیا یەکسان نیە و جیاوازیێکی ئێجگار زۆر لە مەڕ مەسئەلەی ژن لە وڵاتە جیاجیاکانی دونیادا هەیە، ئەوشتەی کە ئێمەژنانی کورد ئێستا داوای دەکەین و بۆ وەدەست هێنانی لە گەڵ دواکەوتووترین بیرو باوەڕەکانی سەردەمدا هاتوینەتە کێشە، واتە سەرەکیترین ماڤەکانی ئینسان بۆژیانێکی ئاسایی، لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا و کۆمەڵگا مەدەنیە پێشکەوتوخوازەکان زۆر لە مێژە دەستەبەر بووە.

کێشەی ژنان و شێوازی هەڵس و کەوتی کومەڵگای کوردەواری لەگەڵ ئەم کێشەیە یەکێک لەو کێشە بنچینەییانە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دروست بوونی هەوێنی وجوودی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەیە و بۆ لێکدانەوەی ئەم مێژووە دەستکردە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو واقیعە مەزهەبی و سیاسی و ئابوورییانەی کەبەردەوام ڕۆڵی لەپەروەردەکردنی شتێک بەناوی پیاو بە مانای تاریف کراوی کۆمەڵگای ئێمە و ئەو دەسەڵاتەی کە داب و نەریتە سەرسەختەکانی ئەم کومەڵگاییە دەیداتێ و داب و نەریتێک کە لە پرۆسەی مێژوییێکی دریژ خایەن بێ سەرنجدان بە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ئاوەها سەخت نەقشیان بەستووە و ڕێگا بە هیج گورانگارییک نادەن، دەبێ پڕۆسەی پێکهاتنی دەیان و سەدان قانونی نوسراو و نەنوسراو کە تان و پۆی داکوتاوە و شتێکیشی لەناخی خۆیدا بە ناوی ژن بەم مانا تاریفکراوەی کۆمەڵگا پەروەردە دەکات لێک بدرێتەوە. ئەوەی کە بارووداۆخی ژنی کورد زۆر خراپە و ئەوەی کە بزوتنەوەی ژنانی کوردیش پێ بە پیی گوشار و سەرکوت کردنێک کە دەکرێت ڕوو لە زیادبوونە شتێکی بەر چاوو وحاشا هەڵنەگرە.

جابۆ هەڵسەنگاندی ئەم بارودۆخە تایبەتی و ناسکە باش وایەچاوێک بە سەر ڕووداوەکانی ساڵی2007 و 2008 دا بخشێنین. جیژنی 8ی مارسی 2007 لەباشووری کوردستان زۆر بە ڕازاوەیی گیردرا بەشێکی زۆری ژنان و پیاوانی پارلمانتار پەیامی پیرۆزبایی زۆر سەنگین و ڕەنگینیان پیشکەش بە تەواوی ژنانی دونیا کرد. هەر لەو ڕۆژەدا دوو ژنی کورد خۆیان کوشت و سێ ژنیش ئاگریان بەردایە جەستەی خویان و بەم شێوازە 8ی مارسیان لە دونیا پیرۆزبایی کرد!

ڕۆژان کچێکی کوردی موسڵمان بوو ماوەیێک بەرلە دوعا بە هۆی ئەوەی کە پێوەندی خوشەویستی لە گەل کوریێکی ئیزەدیەوە بەستبوو لە لایەن کەس و کارەکەی لەتوپەت کرا تەنانەت تەرمەکەشیان بۆ نەدۆزرایەوە. ساڵی 2007 ساڵێک بوو کە دۆعای تیدا بەردباران کرا، بە هۆی پێوەندی خۆشەویستی لە گەڵ کورێکی موسوڵمان. ساڵێک کە هەر ڕووداوێکی ئێمەی دادەچڵەکاند بەڵام ئەمەیان ئیتر جیگای باوەڕ نەبوو ڕوخسارەکانی واقیعی کۆمەلگاکەمان یەک لە دوای یەک دەردەکەوتن تەنانەت سنگی کچان و ئافرەتان بوو بە مەیدانی ڕمبازێن و شەری دین و ئاییینەکان لە گەل یەکتر، ئامینەی دوانزە سالانە بەر لە کوژرانی بەدەست باوکی سێ جار کەوتە سەر دەست و پیی باوکی و قاچی باوکی ماچ کرد بۆئەوەی نەی کوژیت بەلام باوکی زۆر بە تێ ڕاشکاوی کوشتیۓ، ئەویش لە بەردەمی وەرزارەتی مافی مروڤ!!!

تەرمی شەوبو لە رۆژی5.12.2007، 35 ڕۆژ دوای کارەساتەکەی دۆعا دۆزرایەوە ماوەییک دوای ئەو تەرمی بەنازیان لە ئینگلستان دۆزیەوە، دوای بەرد باران کردنی دۆعا لە ماوەیێکی کورتدا نزیک بە 80 تاوان بەرانبەر بە ژنان کرا بی ئەوەی هیچ کەسێک سزا بدرێت. کوشتنەکان وەک نەخۆشین پەرەی سەند هەر لە و کاتانەدا لە بانە

کچێکی 15 سالانە و ژنێکی 40 سالە بەدەست ئەندامانی بنەماڵەکانیان سەر بردران، لە سنە تەرمیکی بێ نیشانیان لە ناو تەلیسێک دۆزیەوە، لە دێهاتێکی لای بوکان ژنێکی حاملە بە هۆی ئەوەی کە نەیتوانیبوو ئیرس و میراتی زۆر وەر بگرێت بەدەست میردەکەی کوژرا، چەندین جەنازە لە سلیمانی و جەنازەییک لە سەر دەریاچەی دوکان دۆزرایەوە، زۆر سەیرە دەڵیی لەم وڵاتە تەمگرتووە سەمفۆنیای کۆتایی پێ‌هێنانی سەیرانەکانیان لەسەر تەرمێکی بێ گیان جیژن دەگرن، هەموو پێمان وابوو تراژیدیای کوشتنی دۆعا زیگناڵێکە بۆ باگا هێنانەوەی ویژدانە نوستووەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە دەتکوت ڕودانی ئەو کارەساتە سامەکانی شکاندووە، کوشتنی ساکار کردووە و هەموو بە پەلەن تا ئەم ئەزموونە تاقی وەکەن مخابن، داخ و دەرد لەم کۆمەڵگا نەخۆشە!!!!

لە سالی 2007 بە گوێرەی ئاماری ڕەسمی 192 تاوان لە ناوچەی دەهوک و هەولیر تۆمار کراوە 129 خو سوتاندن و 35کەسیش بە گولە کوژراون لە دەهۆک 63 نمونەی خۆسوتاندن 28 نمونەی کوژران بە گولە تۆمارکراوە لە سنووری گەرمیان و سلیمانی 407 تاوان بەرانبەر ژنان کراوە.

ڕێژەی خۆسوتاندن و کوشتنەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەرچاو زۆر بووە و ئیستفادە و کەڵک وەر گرتنی گشتی کۆمەڵگای کوردەواری لە مادە سڕکەرەکان کە بە ئانقەست و بەشێکی زۆر لە لایەن کوماری ئیسلامی ئێران بڵاو دەکرێتەوە خەسارەت وزیانێکی ئێجگار زۆر و گەوەری بە دیاری هێناوە.

دیارە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە دەسپێکی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات سەرکوت کردنی ژنان و جیلی نوێ کردە یەکیک لە ئامانجە سەرەکیەکانی و بۆ سەقامگیر کردنی خۆی هەر چەشنە توندو تیژیکی گرتە بەر. هیچ جێی گومان نیە گە کوماری ئیسلامی بە بەرنامە و پلانی تایبەتەوە لە گەڵ مەسئەلەی ژناندا ڕووبەڕوو بووەوە و هەر لە بە زور لچک بە سەر دا دانی ژنانەوە بیگرە تا هەڵاواردنی جنسی و بەردباران‌کردن و کوشتن هەمووی بۆ دەستەمۆ کردنی ژنان بووە و بۆ گەشتن بەم ئامانجە لە هیچ چەشنە توند وتیژیک کۆتایی نەکردووە.

ئەوەی کە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام سەبارەت بەژنان بە کویلەکردنی ژنانی مەبەستە و بە پێی یاسا و ڕیسا جیهانی و زمینیەکان کۆیلە حەقی یاخی بوون و دەنگ هەلبڕین و سنووربەزاندنی نیە، ئەگەر ئێمە تیڕوانینێکی زانستیانە لە چەمکی ژن لە ناو ئایینی ئیسلام بکەین و مەسئەلەی ژن لە ئەم ئایینە هەڵاوێرین دینی ئیسلام هیچی بۆ نامێنیتەوە، جا بۆیە هاوکات لە گەڵ سەقامگیر بوونی ئەم ئائینە سەرکوت کردنی ژنان هەولین هەنگاوەکان بۆ پێ داگرتنە.

لە ساڵی 2007دا پێشنیاری یاسای دژی فرەژنی چووە پارلمانی کوردستان، بە ڵام بەداخەوە زۆرینەی دەنگی نەهێنا کە دیارە دەبی بۆ ئەوەی کە بزانین بۆ دەنگی نەهێنا پێوستە ئاوڕێک بدەینەوە لەو میکانیزم و سیستەمەی کە چوارچێوەی کۆمەڵگای ئێمەی داڕشتووە و بەچکولەترین گۆرانکاری بەرژەوەندییەکانی ئەم سیستەمە دەکەویتە مەترسیەوە و هەر لەو ساڵەدا بوو کە پێشنیاری پرۆژەییک بە ناوی زەواجی مسیار برایە ناو پارلمانەوە کە بە بیرو بروای خۆیان دەیان‌هەویست گرفتی شتێک بە ناوی ئافرەتی بەتەمەن و تەنیای پێ حەل بکەن کە دەتوانین بڵەین کە ئەم پرۆژەیە نە تەنها شتێکی دژی ئینسانیە بە ڵکو بی حورمەتییکێ زۆر گەورە بە شەرافەتی ئینسانی ئینسانەکانە. جا هەر لەم گوشە نیگایەی نیزامی حاکم بە سەر کۆمەڵگای کوردەواری دەتوانین ڕەقەم بدەین لە چارەنووسی ژنانی ناو کۆمەڵگا کە خەریکن بەرەو کویێیان دەبەن. لە سالی 2007دا بوو کە خاتوو خەندان حەمە جزا کتێبێکی بە ناوی ئوقیانوسیک لە تاوان نووسی کە زۆر بە جوانی و سیستماتیک کارکردن و دەوری کومەڵگا لە سەر چۆنیەتی دروست بوونی دیاردەیێک بە ناوی لەش‌فرۆشی لەناو کۆمەڵگای ئیمەدا باس دەکات و بە داخەوە ئەمجارە شیان ڕوخسارییکی‌تری نەناسراوی کۆمەڵگاکەمان بۆ دەر دەکەویت. لەم کتێبەدا تەنیا بەباس کردنی چارەنووسی چەند ژن کە چلۆن پاڵیان پێوە نراوە کە بکەونە ئەو بارۆدۆخە ئێمەی لە گەل سیما و ڕواڵەتێکی‌تری کومەڵگای رەسەنی کوردی ڕووبەڕوو کردەوە.

چارەنووسی کەسانیک کە زۆر ساکار و سادە دەوری گۆمەڵگا لە دروست و پەروەروده کردنی شتێک بە ناوی لەش‌فرۆشی و دەورو میکانیزەی ئەوشتەی کە ناوی داب و نەریتە لە سەر ئەم دیاردەیە باس دەکات ، باس دەکات کە کێ تاوان دەکات بەلام لە ئە نجامدا کێ بە تاوانبار دەناسریت!

لە هەشتی مارسی 2008دا جیژنمان گرت و هەوڵمان دا کە لە گەڵ ڕوداوەکانی ساڵی 2007 ماڵئاوایی بکەین، بەڵام بۆ دروست کردنی بناخەیێ کە بیروبڕوا ژەنگاویەکان لە بێخەوە بسڕێتەوە پێوستیمان بە شتێکی زۆرتر لە جیژن گرتنە و سالی 2008یش هەر وەک سالی پێشتر پر لە ڕووداو و کارەسات بۆۆ .

لەم ساڵەدا هەر وەک ساڵی 2007 بزوتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە لایەن حکومەت و سوننەت و داب و نەریتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا بە توندترین شیوە سەرکوت و بەربەرەکانی لەگەل کردرا و زۆر ژن بەهۆی نوسین و چالاکی کەوتنەبەر تەوژم و لە بەندیخانەکانی کوماری ئیسلامی سەریان دەرهینا.

دیاردەی لەش فرۆشی بە هۆی فەقیری و تێوەگلانی زۆربەی لاوان و کیژانی جەهیلی کومەڵگا بەهۆی ئیستفادە لە مادە سڕکەرەکان زۆر زیاتر بوو و کۆمەڵگا خۆی دایە دەەست شەپۆلێک کە دەچوو تا ناو ناخی دەردەکانەوە.

لە ساڵی 2008دا پارلمانی کوردستان، ئەمجار ئیتر بە ئیجگاری یاسای فرەژنی پەسەند کرد ،ئەگەر تا دوێنی بیرۆکەییک بوو کە دەکرێ گۆڕانکارییک ڕوو بدات، ئەمساڵ ئیتر بە دڵنیایەوە ڕیگە لە چرۆ کردنی هەر بیر و بۆ چوونێکی نوێ بەسترا. یەکێک لەو مەرجە سەرەکیانەی کە کۆمەڵگاییکی مەدەنی و دومکڕاتی پێ هەڵدەسەنگیندرێ بارودۆخی ژنانی ناو ئەو کۆمەڵگاییە،ناکرێت لە لاییکەوە هەوڵ بدرێت کە ئەو کۆمەڵگایە پێشکەوتوو و مدڕن نیشان بدرێت و بۆ نیشاندانی ئەو ڕووکارە پێشکەوتەخوازیە شانۆی خەڵاتی "ژن پارێزی"ساز بکرێت و لە لاییکی دیکەوە سەرەکیترین مەرجەکانی ئەو پێشکەوتوویە پێشێل بکرێت. لە ساڵی 2008 تیشدا هەر وەک ساڵی پێشتر ڕۆژ نەبۆۆ کە بیستنی ڕووداوە دڵتەزینەکان سەبارەت بە کوشتن و خۆسوتاندنی ژنان و کچان دامان نەچڵەکێنێ و ئەم هەواڵانە هاوری چرکە بە چرکەیمان نەبێت. لەم ساڵەدا بە گوێرەی ئاماری ڕەسمی ڕاگەییندرا کە 60 لە سەدی کچان و ژنانی کورد لە باری جنسیەوە کەم ئەندام کراون و تەوای ئەم کردەوانە، ئەم کارەساتانە هەمووی دەچێتە بازنەی ئەو توندوتیژیانەی کە ژن دەکا بە ئامرازییک کە نیزامی حاکم بتوانێ لە هەموو لاییکەوە کونترۆڵی بکات و بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکاری بهێنێ و ئەمە هێمای سیمای ڕازاوەی کۆمەڵگای پیاوسالاریمان پێ نیشان دەدات کە بۆ مانەوەی لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک کۆتایی ناکات و بەهەر نرخێک بێت دەیهەوێ ئەو سوڵتە بێسنوورەی کە هەیەتی ڕای بگرێت.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2008/08/15 فریشتەی نەجاتی و ڕۆژێ دوای ئەو ڕێکەوتی 2008/08/16 بەهارەی حوسەینی لە ماوەی بیستوچوار ساعەتدا لە مەریوان یەکیان بە دەستی باوکی دڕندانە سەر بڕدڕا و یەکیشیان بە دەست مێردەکەی بێڕوحمانە کوژرا. لە کۆتایی ساڵی 2008 واتە لە گەڵ دەسپێکی ساڵی 2009دا لەو کاتەدا کە دونیا چراخانی بوو و ئاسمان و زەوی و مرۆڤ بە شادی و ئاواتی بەختەوەری بە پێشوازی ساڵی تازەوە دەچوو و داوێنی بەرینی ئاسمان ببووە کانگای ئاوازی ژیان و باوەشی گرتبووەوە بۆ ئەوەی ساڵێکی تازە لە ئامێز بگرێت یەکێک بە پەلە "مزگێنی" کوژرانی مزگێنی هەژدە ساڵە، کچە کوردیکی تورکیە بە دەست مێردەکەی بۆ ماڵی باوکی دەبات و لەو شەودا دایکی مزگێن لەو دیو شوشەی فرمێسکەوە نیگای لە باوەشی دڵسەغی ئاسمان بڕیبوو، مێردەکەی مزگێن هەوەڵ مزگێنی بە چەقوو بریندار کردبوو و دوایش بردبویە سەر شەقام و دوو جار بە ماشین بە سەریدا ڕویشتبوو، لە 2009/02/06 مانگێک لەمەوبەر ژنێکی کورد بە دەست مێردەکەی لە مونشنگلادباخ بە 39 زەربی چەقوو کوژرا.....دیارە کوشتنەکان، خۆ کوشتنەکان ئەوەندە زۆرن کە لە باس کردن نایەن و لەتوانای ئەم نوسراوە بە دەرە تەنیا دەتوانم بڵێم سەری ڕێز و حورمەت بۆ تەواوی ئەوانەی کە ئاوەها دڕندانە مافی ژیان کردنیان لێ سەندراییەوە دادەنەوێنین و داوای لێبوردن لە گیانی پاکی تەواوی ئەوانەی دەکەین کە هیچ ناویکیان لێ نابردرێت چون بێ ناسنامە لە دایک بوون و بێ ناسنامەش لە ناو براون تەنانەت لە داییک بوونەکەشیان لە هیچ جێگاییێک تۆمار نەکراوە چ بگات بە کوشتنەکەیان.

بۆ لێک دانەوە کێشەی ژنی کورد دەبێ لە پاڵ زۆر هۆکاریترِ هەموو کاتیک ئەوەش ڕەچاو بگیردریت کەکێشەی ژنانی کورد تەنانەت لە لایان خودی ژنی کوردیش لە پەراویز خراوە وهەمیشە گری دراوە بە وەدەست هینانی رزگاری نەتەوەیی و بە شێوەی پیوست ژنی کورد لەم بوارەدا ڕۆڵی نەدیتووە.

ژنان پایەی ئەساسی کۆمەڵگان چۆن دەتواندریت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە لە ناو کومەڵگاییک کە ژنان بندەستەن و تەنانت مافەسەرەکیەکانی ژیان کردنیان لێ سەندراوەتەوە مندالانی ژیر و وریا پەروەردە بکەن و ڕۆلی پێوست لە سیستەمی پەروەردەییدا ببینن، چۆن دەتواندری ڕزگاری نەتەوەیی دەستەبەر بێت لە کاتێکدا ئەم نەتەوەیە لە ناخی خۆیدا بندەستە بوون پەروەردە دەکات و لە سەر ئەم چوارچێوەیە سیماو پەیکەرەی دارژراوە.

ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە پیشکەوتنەکان لە تەواوی دونیادا بدەینەوە ئەم پێشکەوتنانە تەنها بە یەک ڕەگەز دەستەبەر نەبووە، بەرژەوەندیەکانی ناو کۆمەڵگا گرێ دراوە بە تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا ،جالیرە پێوستیەکانی ڕووبەڕو بوونەوە لە گەل ئەم بارودۆخە نالەبارەی کۆمەڵگای ئێمە تیشک دەخاتە سەر گرینگی ڕۆلی ژنان و پیاوانی ڕۆشنبیر بۆ پێکهێنانی کەرەسەی پێوست بۆ گوڕانکاری بناخەیی بۆ دۆزینەوەی سیستەمێکی نوی کەمانایکی نۆی بدات بە پێوەندیەکانی بنەمالەو سەرِ لە نۆی پێوەندییەکان مانا بکاتەوە، دایکیکی ڕوخاو و سەرگەردان کە داوینی

نیشتمانەکەیَ بۆی بۆتە مەترسی گۆڕستانێک هیچ کاتێک ناتوانی بناخەی کەسایەتیکی سەربە خۆو بە توانا بۆ منداڵەکانی دابڕێژیت.

ریگاییکی دوو و دریژمان لەبەرە، ریگاییک کە دەبی ئەورۆکە ئێمە بی برین، لە بەر خومان، لەبەر داهاتووی مناڵەکانمان، لەبەر نیشتمانمان، دەبێ ئەمرۆکە ئاسۆکانمان دیاری بکەین و تۆیی پشکوتنی ئاواتەکانی بەیانی بچێنین!

٢٠٠٩/٠٣/٠٨

**سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن**

centerijnan@ymail.com